ڕاوێژکاری سودانی:هەمواری یاسای دادگای فیدڕاڵی لە لایەن لێژنەی ڕاسپێردراوەوە ئامادەکراوە

ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری دەستوری ڕایگەیاند، هەمواری یاسای دادگای فیدڕاڵی لە لایەن لێژنەی ڕاسپێردراوەوە ئامادەکراوە و ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، لە بنەما نوێکانی ئەو هەوارش ئاوێتە دەبێت سەرۆک و جێگری دادگای فیدڕاڵی دادوەری پسپۆڕ بن و لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری باڵاوە دیاری بکرێن.

حەسەن یاسری ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری دەستوری ڕایگەیاند، ئەو لێژنەیەی لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕاسپێردراون بۆ پێداچوونەوە بە یاسای دادگای فیدڕاڵی کارەکانی تەواو کردوە و ڕێشنوسی هەمواری یاساکەی ڕادەستی ئەنجومەنی وەزیران کردوە، بۆ ئەوەی دەنگی پێبدرێت و دواتر ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، حکومەت بۆ نیازە لێگەڕێ هەمو لایانە سیاسییەکان گفوتگۆ لەبارەی ڕێشنوسی نوێی یاسای دادگای فیدراڵی بکات بۆ شێوەیەک کە گرێنتی بنیادنانی تەواوی دامەزراوە دەستوریەکان بکات. ئەوەشی خستەڕو، ئەو هەوارانەی لە یاسای دادگای فیدڕاڵیدا کراون پێیوستە بە پابەندبون بە دەستور و سەرجەم هەوارەکان بێپێی نوسراوی شارەزای دادوەری و یاسایی و ئایینی ئیسلام کراوە، لە

هەموارکەشدا مەرجە سەرەکی دادگا و جێگرەکەی دادوەر بن.

حەسەن یاسری باسی لێوەشکرد، بەڵام نوێنەکانی دیکەش بڕیتین لەوەی مەرجە دیاریکردنی دادوەر بە ئەو دادگایە بە دەستی ئەنجومەنی باڵای دادوەری بێت، لەو ڕیگەیەشەوە کاریگەری لەسەر سەربەخۆیی دادگاکە دروست نابێت.